# ژیانی پێغەمبەر ئادەم

له تەورات، سیپاری پەیدابوون، بەشی ١-٤

پەیدابوون ٢: ٣، ١: ١-٢٥ سەرەتا

ئەمانەش ڕێکخستنەکانی ئاسمان و زەوین کاتێک بەدی هێنران. له سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدیهێنا. زەویش بێشێوە و هیچی تێدا نەبوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قوولاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوولایەوە.

خودا فەرمووی: (با ڕووناکی ببێت.) جا ڕووناکی بوو. خوداش بینی کەوا ڕووناکییەکە باش بوو. جا خودا ڕووناکییەکەی له تاریکی جیا کردەوە. ° خودا ڕووناکییەکەی ناونا (ڕۆژ) و تاریکییەکەی ناونا (شەو.) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو.

خودا فەرمووی: (با بۆشاییەک لەنێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو له ئاو.) خودا بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی له ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا وا بوو. خودا بۆشاییەکەی ناونا (ئاسمان.) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو.

خودا فەرمووی: (با ئاوەکانی ژێر ئاسمان له یەک شوێن کۆببنەوە و وشکایی دەربکەوێت). جا وا بوو. خودا وشکاییەکەی ناونا (زەوی.) ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا (دەریا.) خوداش بینی کەوا ئەمە باش بوو. ئینجا خودا فەرمووی: (با زەوی سەوزایی بدات: ڕووەکی تۆودار و لەسەر زەوی داری بەردار، ئەوەی تۆوکەی لەناو خۆیەتی، له جۆری خۆی.) جا وا بوو. زەوی سەوزایی دا: ڕووەکی تۆودار له جۆری خۆی و دار کە بەر دروست بکات و تۆوەکەی تێدابێت له جۆری خۆی. خوداش بینی کەوا ئەمە باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو.

ئینجا خودا فەرمووی: (با له بۆشایی ئاسماندا ڕووناکییەکان هەبن بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ له شەو، هەروەها بۆ نیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ. با ڕووناکییەکان له بۆشایی ئاسماندا بن، تاکو سەر زەوی ڕووناک بکەنەوە.) جا وا بوو. هەروەها خودا دوو ڕووناکییە مەزنەکەی دروستکرد، ڕووناکییە گەورەکەیان بۆ فەرمانڕەواییکردنی ڕۆژ، ڕووناکییە بچووکەکەشیان بۆ فەرمانڕەواییکردنی شەو، هەروەها ئەستێرەکانیش. خودا له بۆشایی ئاسماندا بۆ ڕووناککردنەوەی سەر زەوی دانان، بۆ فەرمانڕەواییکردنی ڕۆژ و شەو و جیاکردنەوەی ڕووناکی له تاریکی. خوداش بینی ئەمە باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی چوارەم بوو.

ئینجا خودا فەرمووی: (با ئاوەکان پڕ ببن له ئاپۆرەی بوونەوەری زیندوو، با باڵندەش له بۆشایی ئاسماندا بەسەر زەویدا بفڕێت.) ئیتر خودا بوونەوەرە مەزنەکانی دەریای بەدیهێنا، لەگەڵ هەموو باڵندەیەکی باڵداریش بەپێی جۆرەکەی. خوداش بینی ئەمە باش بوو. خودا بەرەکەتداری کردن و فەرمووی: (بەردار بن و زۆر بن و ئاوی دەریاکان پڕ بکەن، با باڵندەکانیش لەسەر زەوی زۆر بن.) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی پێنجەم بوو.

خودا فەرمووی: (با زەوی بوونەوەرە زیندووەکان له جۆری خۆیان بەرهەم بهێنێت. ئاژەڵی ماڵی و خشۆکی زەوی و ئاژەڵی کێوی، هەریەکەیان له جۆری خۆی.) جا وا بوو. خودا ئاژەڵی کێوی بەپێی جۆری خۆیان دروستکرد، ئاژەڵی ماڵیش بەپێی جۆری خۆیان و هەموو خشۆکێکیش لەسەر زەوی بەپێی جۆری خۆیان. خوداش بینی ئەمە باش بوو.

پەیدابوون ١:٢٦، ٢: ٧-٩ و ١٨-٢٥

ئینجا خودا فەرمووی: (با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، له شێوەی خۆمان. با دەسەڵاتدار بن بەسەر

ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵیماڵی و بەسەر هەموو زەوی‌دا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەوی‌دا دەخشێن.)

جا خوداوەند خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێکهێنا و هەناسەی ژیانی فووکردە کونە لووتی. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو. ئینجا خوداوەند خودا باخچەیەکی لە (عەدەن)، لە ڕۆژهەڵاتدا چاند. لەوێش‌دا پیاوەکەی دانا کە پێکی هێنابوو. خوداوەند خودا هەموو ئەو جۆرە درەختانەی کەوا لەبەرچاو جوان بوون و بۆ خواردن خۆش بوون لە زەوی‌دا گەشە پێکرد. **درەختی ژیانیش** لەناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها **درەختی زانینی چاکە و خراپە.**

خوداوەند خودا فەرمووی: (باش نییە بۆ پیاو بە تەنیا بێت. یاریدەرێکی هاوشانی بۆ دروست دەکەم.) خوداوەند خودا هەر لە خۆڵی زەوی هەموو ئاژەڵی کێوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمانی پێک هێنا. ئینجا بۆ پیاوەکەی هێنا تا ببینێت ناوی چییان لێ دەنێت، هەر ناوێک کە پیاوەکە لە هەریەک لەم بوونەوەرە زیندووانەی نا، ئەوە ناوەکەی بوو. پیاوەکە ناوی لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی کێوی نا. بەڵام بۆ پیاوەکە هیچ یاریدەرێکی هاوشان نەدۆزرایەوە. لە ئەنجامدا خوداوەند خودا پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕکردەوە. ئینجا خوداوەند خودا ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیات نا کە لە پیاوی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا. پیاوەکە وتی: (ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتە لە گۆشتم. ئەمە ناودەبردرێت بە (ئافرەت) چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.) بۆیە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێ‌دەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەک جەستە. [٢٥] پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد.

پەیدابوون ١: ٢٧-٣١

خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودا بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان. خودا بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون: (بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجووڵێتەوە.) ئینجا خودا فەرمووی: (ئەوەتا هەموو ڕووەکی تۆودار کە لە سەرتاسەری ڕووی زەوییە داومە بە ئێوە، لەگەڵ هەموو دارێکیش کەوا بەری هەیە و تۆوی خۆی تێدایە. بۆ ئێوە دەبنە خۆراک. بۆ هەموو گیانەوەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان و هەموو بوونەوەرێکی خشۆکی سەر زەوی، هەموو شتێک کەوا هەناسەی ژیانی تێدایە، هەموو ڕووەکی سەوزم بۆ خۆراک پێ داون.) جا وا بوو. خودا بینی ئەوەتا هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.

پەیدابوون ٢: ١-٣

بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیان‌دا ڕێکخرابوو تەواو کران. ئیتر خودا لە سەرەتای ڕۆژی حەوتەم‌دا لەو کارەی کە کردبووی تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەم‌دا لە هەموو کارەکانی پشووی دا. خودا ڕۆژی حەوتەمی بەرەکەتدار و پیرۆز کرد، چونکە تێیدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا، هەموو ئەوەی خودا بەدیهێنا و دروستی کرد.

## پەیدابوون ٣

### کەوتنی مرۆڤ

مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی خوداوەند خودا دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی وت: (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: "بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟") ئافرەتەکەش بە

مارەکەی وت: (بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی، (پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کەوا لەناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.") مارەکە بە ئافرەتەکەی وت: (نا بە ڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن.) کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو و چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا ببیت، جا لە بەرەکەی کردەوە و خواردی و دایە مێردەکەشی کە لەگەڵیدا بوو، ئەویش خواردی. [٧] ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانییان کەوا ڕووتن، جا گەڵای هەنجیریان لێک دوری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروستکرد.

ئینجا پیاوەکە و ژنەکەی گوێیان لە دەنگی خوداوەند خودا بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژدا، ئەوانیش لە ڕووی خوداوەند خودا خۆیان لەنێو درەختەکانی باخچەکەدا شاردەوە. خوداوەند خوداش پیاوەکەی بانگکرد و فەرمووی: (لەکوێیت؟) ئەویش وەڵامی دایەوە: (لە باخچەکەدا گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم، ئیتر خۆم شاردەوە.) ئەویش فەرمووی: (کێ بە تۆی وت کە ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبوویت لێی نەخۆیت؟) پیاوەکەش وتی: (ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم.) ئینجا خوداوەند خودا بە ئافرەتەکەی فەرموو: (ئەمە چییە تۆ کردووتە؟) ئافرەتەکەش وتی: (مارەکە فریوی دام و منیش خواردم.)

خوداوەند خودا بە مارەکەی فەرموو: (چونکە ئەمەت کرد، (تۆ نەفرەت لێکراویت زیاتر لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و هەموو ئاژەڵی کێوی. هەموو ڕۆژانی ژیانیشت لەسەر سکت دەخشێیت و خۆڵ دەخۆیت. دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکەوە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.)

بە ئافرەتەکەشی فەرموو: (ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بەژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.)

ئینجا بە پیاوەکەشی فەرموو: (چونکە تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە فەرمانم پێ کردبوویت "نابێت لێی بخۆیت،" (ئەوا زەویش بەهۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە. بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت. دڕکوداڵت بۆ بەرهەم دێنێت و ڕووەکی کێڵگە دەخۆیت. بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت، تا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی، چونکە لەوەوە وەرگیراویت، لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.)

(ئادەم) ناوی ژنەکەی نا (حەوا)، چونکە دەبێت بە دایکی هەموو زیندووان. خوداوەند خودا بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە پێست دروستکرد و لەبەری کردن. ئینجا خوداوەند خودا فەرمووی: (ئەوەتا مرۆڤ بووە بە یەکێکی وەک خۆمان، چاکە و خراپە دەزانێت، ئێستاش ڕێگەی پێ نادرێت دەستی درێژ بکات و لە داری ژیانیش بکاتەوە و بیخوات و بۆ تاهەتایە بژیێت.) ئیتر خوداوەند خودا لە باخچەی عەدەن دەری کرد، بۆ ئەوەی ئیش لەو زەوییە بکات کە لەوێوە وەرگیراوە. دوای ئەوەی مرۆڤی دەرکرد، بۆ پاسەوانیی ڕێگای درەختی ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەندا (کەڕوب)ـەکانی دانا، لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بە هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە.

**پەیدابوون ٤: ١-٢, ٢٥** قابیل و هابیل

ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو و ئەویش سکی پڕ بوو، (قابیل)ی بوو و وتی: (لەلای خوداوەندەوە پیاوێک بووە بەرهەمم.) لە پاشان (هابیل)ی برای بوو. ئینجا هابیل بووە شوانی مێگەل و قابیلیش کاری لەگەڵ زەوی

دەکرد. جارێکی دیکە ئادەم لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو، کوڕێکی بوو و ناوی نا (شیت). ئینجا وتی: (خودا لە جیاتی هابیل نەوەیەکی دیکەی بۆ دیاری کردم، ئەوەی قابیل کوشتی.)

پەیدابوون **٥: ١-٥** مردنی ئادەم

ئەمە سیپارەی نەوەکانی ئادەمە. ئەو ڕۆژەی خودا مرۆڤی بەدیهێنا، لەسەر شێوەی خودا دروستی کرد. بە نێر و مێ بەدیهێنان و بەرەکەتداری کردن. ئەو ڕۆژەی بەدیهێنان ناوی لێنان مرۆڤ. کاتێک ئادەم تەمەنی سەد و سی ساڵ بوو، کوڕێکی بوو لە وێنەی خۆی و لە شێوەی خۆی، ناوی نا شیت. دوای لەدایکبوونی شیت، ئادەم هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. جا هەموو ڕۆژانی ژیانی ئادەم نۆ سەد و سی ساڵ بوو، ئیتر مرد.

**ئازیزانی خۆشەویست، ئەگەر هەر پرسیارێك یان سەرنجێكتان هەیە دەرباری ئەم چیرۆكی، تكایە بۆمان (كۆمەلەی ڕێگای ڕاستودروستی) بنوسن بەم ئیمەیلە:** rrd2011@yahoo.com

کۆمەلەی ریٚگای راستودرووستی

The Life of Adam

Sorani Old Testament (Draft)
Biblica 2011